

# له کوبا جگەره و چروت کێشان قەدەغەیە !!؟؟

ئەوەی شایانی باسه به دڵخۆشیشه دەبێژین پاش بڵاوکردنەوەی ئەو وێنه و نووسینه به پێز و سوود بەخشانەی لەمەر جگەره و زیانەکانی جگەرەکێشان چەندین نامەمان پێگەیشتووه که ژمارەیەکی زۆری کوردزبان وازیان له جگەرەکێشان هێناوه . ئێمه دەستخۆشییان لێدەکەین لەبەرئەوەی جگەرەکێشان زیان به ئابووری، تەندروستی تاکو کۆمەڵ و هاوکات ژینکەش دەگەیەنێت . جارێکی تر دەمانەوێت که هەمووان ئاگادار بکەینەوه تا ئەمرۆ :

* حەوت ولایەتی ئەمێریکی جگەرەکێشانیان له شوێنه گشتییەکاندا قەدەغەکردووه .
* له نۆڤەمبەری 2002 تایلاندیش به یاسایەك جگەرەکێشانیان قەدەغەکردووه .
* نەرویژ و سوێد یش هەریەك بەپێی یاسایەکی تایبەتی جگەرەکێشانیان قەدەغەکردووه .
* فینلاند خەریکه یاسایەك بۆ قەدەغەکردنی جگەرەکێشان به تایبەتی له شوێنه گشتییەکاندا دادەنێت .
* ئەمساڵیش کوبا به یاسایەکی نوێ رایانگەیاند که ئیتر نابێت هیچ کەسێك جگەره و چروت که ناودارترین پیشەسازی ئەو وڵاتەیه له شوێنه گشتییەکاندا بکێشێت . هەرچەنده لەوێش جگەرەکێشەکان نارازین بەڵام له پێناوی پاراستنی تەندروستی گشتی میللەتدا حکومەت به توندی بەرگری له هەموارکردنی یاساکه دەکات .

به پێی ئەو یاسا نوێیه نابێت جگەره به منداڵی ژێر تەمەن 18 ساڵان بفرۆشرێت ، ئەو دوکانانەی 100 مەتر له نزیك قوتابخانەیەکەوه بێت نابێت جگەره بفرۆشێت .

سەرچاوه

سوود له رۆژنامەی (داگنس نیهێتەر) ی سویدی رۆژی 7 ی ڤێبرواری 2005 وەرگیراوه .

سەرنج : وێنەکەی سەرەوه له Tobaksfakta.org وەرگیراوه .